بۆ / ڕێزداران

-مەڵبەندی 11و 12ی یەکێتی نیشتیمانی کورردستان

- ئەنجومەنی شارەوانی خانەقی و کەلار

- (جی. سی. سی) لە خانەقی

- بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی خانەقی و کەلار

- بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی پاراستنی سنوور لە خانەقی

- ڕۆژنامە، تەلەفزیون و رادیوکانی خانەقی و کەلار

- سایتەکانی ئینتەرنێت

# بەعس ئەنفال و لادێکانیانی ویرانکرد،
# ئێستا جاسم ئۆستا شەریف راورووتیان دەکات!

دوو خێزانی گەرمیانی(صالح حاجی مەحەمەد و عەلی حاجی مەحەمەد) لەبەر مەڕومالەتەکانیان روویان کردووەتە ئاوای(مەحەمەد خدر)ی سەر بە خانەقین و نزیك سنووری ئێران. لەو رۆژەوە روویان لەو دێیە کردووە، راشیدی پۆلیس(جاسم ئۆستا شەریف) دەچێتە گیانیان و بە بیانووی جۆراوجۆرو بە گشتی یەك ملیون دینار و 7 سەر مەڕی لێ وەرگرتوون.

لەپێناو کۆتاییپێهێنان بەم راورووتکردنە، لە 2006/5/8 ئەم نامەیە ئاراستەی کاك موحسن عەلی ئەکبەر(بەرپرسی مەڵبەندی 12ی خانەقی) کراوە:

بەڕێز کاك موحسن عەلی ئەکبەر(بەرپرسی مەڵبەندی12ی خانەقی)

بابەت/ گەندەڵی

لە ئاوایی(مەحەمەد خدر) کە لەسەر سنووری ئێرانە، دوو خێزانی کورد لەبەر مەڕو ماڵاتەکانیان، لە دەشتی کەلارەوە( ئاوایی میلان و رونێ)وە هاتوون و لەوێ دەواریان هەڵداوە. سەرخێزانەکان بریتین لە بەڕێز(سالح حاجی مەحەمەد قازی) و بەڕێز( عەلی حاجی مەحەمەد).

لەو رۆژەوە کە روویان لە ئاوایی(مەحەمەد خدر) کردووە تا ئێستا، رووبەڕووی بەرپرسێکی پۆلیس دەبن لەو ناوچەیە بەناوی(جاسم ئۆستا شەریف). ئەم کابرایە دەچێتە گیانیان و هەر جارێك پارە یان مەڕیان لێ وەردەگرێت و تا ئێستا یەك ملیون دینار و نزیکەی 7 سەرمەڕی لێ وەرگرتوون.

خزمەکانم قسەناکەن، چونکە دەترسن جاسم کێشەیەکیان بۆ درووست بکات، بۆ نموونە(هاریکاریکردن لە گەل تیرۆریستان) یان بەبیانووی نزیکبوونەوەی مەڕەکانیان لە سنووری ئێران، باریان پێ بکات. کاك عەلی حاجی مەحەمەد و دایکی پێیان وتم: تکایە هەر بە قسەی شیرین هەوڵمان بۆ بدە، با چیتر نەیەتە گیانمان.

جاسم ئۆستا شەریف نموونەیەکە بۆ گەندەڵی لە وێنەی راوروتکردنی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان.

من تا ئێستا هەر بە قسەی شرین هەوڵدەدەم و ئەم جارەیان پەنا بۆ بەڕێزتان دەبەم و تکاتان لێ دەکەم سنوورێك بۆ ئەو ئەفسەرە جەردیە دابنێن، پێش ئەوەی چارەسەرکردنی ئاراستەیەکی تر لە خۆ بگرێت.

لەگەل رێز وحورمەت

سەلام عەبدوڵا ئیبراهیم

ژمارەی تەلەفۆن: 07701929872

2006/5/8

بەداخەوە پێدەچێت، کاك موحسن ئەم کێشەیە پشتگوێ خستووە و سەرباری ئەوەی نووسینەکە ژمارەی تەلەفۆنی لەسەرە، بە هیچ شێوەیەك دەنگی نەبوو، بۆیە پێش چەند رۆژێك سەرلەنوێ رائید جاسم ئۆستا شەریف دووبارە دەچێتە گیان ئەو دوو هاوڵاتییە و ئەم جارەیان داوای لێ کردوون، بەخۆیان و خێزان و مەڕوماڵاتەکانیان، تا رۆژی 10/ 6/ 2006 ئاوایی(مەحەمەد خدر) بەجێبهێڵن.

ئێستا ئیتر جاسم بەپڕوییەکەوە دووپاتی ملهوڕی خۆی کردووە، بۆیە منیش بە گوێرەی توانام وبەبێ چاوپۆشیکردن لە هیچ کەسێك زەنگی بەگژداچوونی گەندەڵی لەم ناوچەیە لێدەدەم و ئامادەم بەهەمو شێوەیەك باجی بدەم.

ئەمە یەکەم هەنگاوە بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەك ئەو جەردەیە لەبەردەم رای گشتی رسوا بکرێت و داوا لە بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم، بە زووترین کات ئەم زوڵم و زۆرداریە لە دژی ئەو دوو خێزانە رابگرن.

سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم

2004/6/6